سەرۆک وەزیرانی عێراق و ئەردۆغان لە ئیستەنبوڵ کۆبوونەوە

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، مەحەممەد شیاع سودانی ڕایگەیاند، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەمڕۆ هەینی لە کۆشکی وەحیدین لە شاری ئیستەنبوڵ لە تورکیا لەگەڵ سەرۆک کۆماری تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کۆبووەوە.

هەردوولا دوایین پێشهاتەکانی ناوچەکەیا تاوتوێ کرد لەگەڵ زیادبوونی هەڕەشەکانی ئیسرائیل بە سەر ئاشتی و سەقامگیری و هەرشە بەردەوامەکانی بە سەر غەززە و لوبنان و ئەو هەرشانەی کە چەندین وڵاتی ناوچەکەی کردە ئامانج.

بەڕێز سودانی و ئەردۆغان تاوتوێی یەکخستنی هەوڵەستەکانیان کرد، بەرامبەر بەم پێشهاتەکان و ئەو ئاستەنگییەی کە لەلایەن ئیسرائیلەوە دەکرێت، هەروەها هاندانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و ڕەکخراوە نەودەوڵەتی و نەتەوەییەکان بە پشتیوانیکردن لەو هەوڵانەی کە دەدرێن بە ئاگربەست، هەروەها ئاسانکاری کردن بە ئەپراسیۆنەکانی فریاگوزاری و گەیاندنی هاوکاری بە زیانلێکەوتووان و دەستپێکردنی هەوڵی ئاوەدانکردنەوەو پاراستنی بوونی فەڵەستینییەکان لەسەر خاکی خۆیان.

لە بەشێکی تری کۆبوونەوەکەدا تاوتوێ پێوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات کرا لەگەڵ چێنیەتی چالاککردنی یاداشتنامەکانی لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنی هاوبەش لە بوارە جۆراوجۆرەکانی

ئابووری و گۆشەپەدا ندا.